# وەڵامێک بۆ وەڵامەکەی کاک سەفین و گرووپی نالی

**هێمن حوسێن**



لە ژمارەی پێشووی رۆژنامەی جەماوەردا، کاک سەفین وەڵامێکی لەسەر روونکردنەوەکەی منداوە، کە تێیدا کاک سەفین چەند هەڵەیەکی کردووە، بۆیە بە پێویستم زانی منیش چەند شتێک روون بکەمەوە:

دیارە، کاک سەفین کە من ئەم نامەیەم ئاراستە کردن بۆ گروپی نالی بوو نەک تەنها تۆ، وە رادیۆو تەلەڤزیۆن و رۆژنامەکان شاهیدحاڵن کە من چەند باسی هاوکاری جەنابتم کردووەو چ وەک بەشداریکردنم لە ڤستیڤاڵەکانی چوارچرا، کە جەنابت و کاک رێبین جەمال سەرەکیترین هاندەرم بوون بۆ بەشداریکردنم لەم ڤستیڤاڵانەدا، لەهەمان کاتدا لەکاتی بڵاوکردنەوەی سیدی یەکەمم بەناوی (ژیلەمۆ) وە لە کاری کلیپکردنی گۆرانی (کەنی) کە تۆ تاکە کەس بوویت لەگەڵمان بوویت کە عیلاقاتێکی باشت بۆ دروست کردم لەگەڵ زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەکاندا.

من ئەمانە وەک مێژوو و وەفایەک باس دەکەم بەشانازییەوە، بەڵام با ئێمە باس لە واقیعی مەوزوعەکە بکەین، کەلەنێوانمان دروستبووە، تۆزێک دووربکەوینەوە لە موجامەلات، بۆ ئەوەی هەموو خوێنەران و جەنابت تێبگەن ئێمە باس لە چی دەکەین، پێویست ناکات بێین و دوو مەوزوع تێکەڵ بەیەکتر بکەین.

من پێم خۆش نەبوو وەڵامت بدەمەوە، بەڵام دیارە وەڵامەکەی جەنابت وای لێکردم ئەوەی پێم خۆش نەبوو باسی بکەم بیڵێم.

کاک سەفین، تۆ ئەڵێی من داوای لێبوردنم کردووە لە (هێمن)، منیش دەپرسم: "کەی تۆ داوای لێبوردنت کرد؟ دوای ئەوەی بەرهەمەکە بڵاوبویەوەو بۆ خۆم تەلەفۆنم بۆ کردی، وتم برا بۆ واتان کردووە؟" تۆ ئەڵێی لەبەر زۆریی تێچووی نرخی چاپکردنەکە مەجبوربووین پەڕێک تا دوو پەڕ لابدەین، لەکاتێکدا ئەو هاوکارییەی بۆ ئێوە کرا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە زۆربەی هونەرمەندان خەویان پێوە دەبینی، ئایا بەشی ئەوەی نەئەکرد نیو لاپەڕە زیاد بکرێ بۆ ئەوەی ناوی ئێمەش بنووسرایە؟ خۆ تۆ باش ئەزانی ئەوە ئەمێنێت بۆ مێژوو ئەگەر باش بێت یان خراپ، دوایی کاک سەفین کۆمەڵێک ناوو وێنەت لە بەرگی سیدییەکەدا داناوە کە ئەسڵەن لەو کارەدا بەشدار نەبوون، پێم ناڵێیت چۆن جێگای ئەوانە بۆوە لە بەرگی سیدییەکەدا؟ بەداخەوە وەڵامەکەت دروست نییە لەگەڵ رێزم بۆت، بۆیە لێت دەپرسم: کە تۆ پێشتر لە کۆمپانیای چوارچراو لە رادیۆی نەوا ئەو کارانەت کردووە باش دەتزانی کە دەبێ بە وردی حساب بۆ ئەو مەسەلە بکرێت، یان چۆن دەبوو بەوە رازی بیت کە لە تورکیا ئیمێڵێک بۆ تۆ بکرێت و بە ئارەزووی خۆیان ناو لابەرن، بۆچی جارێکی دی دیزاینەکەتان نەهێنایەوەو خۆتان دایرێژنەوەو ئەوەندەی کە بۆتان دەکرا جێگای ئەوانە بکەنەوە کە لەلاتان مەبەست بوو.

باشە کە دەزانیت ئەوە حەقی ماندووبوونی هونەرمەندانە، کەلەبەرامبەرماندووبوونەکانی تەنها ناوێکی دەنووسرێ، چۆن دەبوو رازی بن کەسێک لە تورکیا وەک خۆتان دەڵێن خواوەکیلی کۆمەڵێک ناو لابەرێت لەکاتێکدا کە تەنها ئەوانەی بەرکەوتووە ئیشیان لەگەڵ کردوون نەک لە گروپەکەدابوون.

خاڵێکی تر کە بەداخەوە پەیوەندی هیچ بە مەوزوعەکە نەبووە تۆ باست کردووە، منیش ناچارم وەڵامت بدەمەوە، ئەوەیە کە خۆت لە راستییەک دەشاریتەوە، کە ئەوەیە بەڵێ من هاوکاری کرام بۆ یەک کلیپ لە ئاستێکی باش بێت لەلایەن بەڕێز (فەتاح زاخۆی)یەوە کە لە هەموو رۆژنامەکانی پێشوودا من باسمکردووەو هەر لەو کاتەی کە پێکەوە بەم کارە هەڵساین هەر لە دوای وەرگرتنی ئەو بڕە هاوکارییە من بە باشم زانی بۆ بەرهەمهێنانی سیدییەک سوود لەو بڕە پارەیە وەربگرم نەک تەنها بۆ کلیپێک کە باشیش دەزانیت ئەرکی بەرهەمهێنانی سیدییەک کە نۆ گۆرانی لەخۆگرتبێت زۆر زیاتر لە دروستکردنی کلیپ لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە تەکلیف دەکات.

لەهەمان کاتدا، هەر سێ هاوڕێی خۆم، موزیکژەنان (رێبین جەمال، زانا ئەنوەرو ئاراس کۆیی) ئەندامن لە گروپەکەتان هاوکارم بوون بە هەموو سوپاسێکەوە لەو بەرهەمەدا، خۆشت ئاگاداریت لەبەر نەبوونی یاسای پاراستنی مافی هونەرمەندان و کەمیی کۆمپانیا هونەرییەکانە بەرهەمەکە بڵاو نەبۆتەوە نەک شتی دیکە، ئایا ئەوە خۆدوورخستنەوە نییە لە واقیع؟

لە جێیەکی دیکەدا باس لە ئامادەو دابەشکردن دەکەیت، لێت دەپرسم سەفین گیان، ئەگەر بەڕێزتان راستەو کەسێکی مۆسیقین، دەبێ ئامادەکارو دابەشکار لەیەک جیابکەیتەوە، ئەگەر ئەوەت بکردایە، حاشات لە هەندێ کاری من نەدەکرد.

کاک سەفین، ئەو هاوکارییە باشەی کە بۆ ئێوە کرابوو، لەلای من جێی خۆشحاڵی بوو، چونکە بەردەوام دڵخۆشم بەوەی هونەرمەند هاوکاری بکرێ، بۆ ئەوەی داهێنانی باش هەبێت، نەئەکرا شتێکی دیکەی لێ خەرج بکەن و لە کەلێنێکی بچووک ناوتان بنووسیبایەن بۆ ئەوەی ئەوە دروست نەبوایەو گلەییشمان نەکردایە؟

ئازیزم، ئەو نامەیەو پەیوەندییەکەم نەبوایە تۆ دانت بە واقیعەکەدا نەدەنا، بۆیە ئێستاش پێتدەڵێم وەڵامەکانت بەلای منەوە موقنیع نین، تەئکید بە ئەم هەڵوێستەشم لەگەڵ گروپی نالی و بەڕێزت شەڕ نییەو ململانێش نییە، لەبەر ئەوەی رۆژگارێک هەبوو کە ئێمە کاری هونەریمان پێکەوە کردووە، وە ئەگەر جارێکی تریش ناوم نەهێنن هەر لەبیر ناچێتەوە، بەڵام ئەوەی کە باسکراوە واقیعە، باسکردنە لە مافی خۆم، بۆیە جارێکی دی تکات لێدەکەم ئەوەی باسمکردووە باش لێی تێبگەو زیادی مەخەرە سەر.